www.kurdistannet.org
18-7-2006 23:25بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

The Centre of Halabja
Against Anfalization and
Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.info

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u
Cînosaydî Gelî Kurd
ÇAK
contact@chak.info

# پرسەی ناوەندی چاک بۆ مەڵبەندی 11 گەرمیان و بنامەڵەی کاک حەمە لەتیف

بە غەم و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی ناوادەی کاك لەتیف حەسەن حامدی جێگری بەرپرسی مەڵبەندی 11ی گەرمیانمان پێ گەیی، کۆچی دوایی ئەو لە تەمەنی لاوی تەزاندمانی، و بۆشاییەکی گەورەی لە دوای خۆی بەجێ هێشت، پڕکردنەوەی جێگەی ئەو گرانە.
لە کاتێکدا ئەو سەری نایەوە بەو ئاواتە نەگەیی دادگاییکردنی سەدام لەسەر دۆزی ئەنفال بە چاوەکانی خۆی ببینێ، کە چەند ڕۆژێکی دیکەیەو دەست پێ دەکات، ژن و منداڵەکانی لە شاڵەوەکانیدا بوونە قۆچی قوربانی.
بەم بۆنەیەوە پرسەو سەرخۆشی خۆمانتان پێ ڕادەگەیەنیین، هیوادارین ئەمە دواین کۆستان بێت.
ئاواتە خوازین لە ڕێگەی ئێوەوە پرسەی خۆمان بگەیەنیین بە هەموو ئەندامانی خێزانەکەی.
بەلای ئێمەوە باشترین وەفاداری بۆ کاك حەمەلەتیف ئەوەیە، ڕۆژی دادگایی سەدام لەسەر دۆزی ئەنفال، هەموو بە شەوقەوە بڕژێینە سەر شەقامەکان و داوای مافە ڕەواکانمان بکەین، بە هیوای ئەوەی لەو ڕۆژە ئارامی بە ڕوحیانەتی کاك حەمە لەتیف ببەخشین.

ناوەندی چاك 17-7-2006